# ئاڵاكە دەدەمە دەستی پیاوێک كە خوای گەورە وپێغەمبەری خۆش دەوێت، وخوای گەورە لەسەر دەستی ئەو فەتح وڕزگارکردن بەرپا دەکات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- لە ڕۆژی جەنگی خەیبەردا فەرموویەتی: «ئاڵاكە دەدەمە دەستی پیاوێک كە خوای گەورە وپێغەمبەری خۆش دەوێت، وخوای گەورە لەسەر دەستی ئەو فەتح وڕزگارکردن بەرپا دەکات»، عومەری کوڕی خەتاب ووتی: حەزم لە فەرمانڕەوایی نەبووە جگە لە ئەو ڕۆژە نەبێت، وخۆم پیشان دەدا بە هیوای ئەوەی بۆی بانگ بکرێم، پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بانگی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبی کرد، وئاڵاکەی پێدا، وفەرمووی: «بڕۆ، وئاوڕ مەدەرەوە، هەتا خوای گەورە لەسەر دەستی تۆ فەتح بەرپا دەکات»، عەلی ڕۆیشت وهیچ ئاوڕی نەدایەوە پاشان وەستا وبە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: ئەی پێغەمبەری خودا، لەسەر چی بنەمایەک جەنگ دژی خەڵکی بەرپا بکەم؟ ئەویش فەرمووی: «جەنگ دژیان بەرپا بکە هەتا شاهێدی دەدەن بە (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ)^ ئەگەر وایانکرد ئەوا خوێن وماڵیان پارێزراوە مەگەر بە مافی خۆیان نەبێت، ولێپرسینەوەیان لای خوای گەورەیە». ^(واتە: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله، وموحەمەد پێغەمبەر ونێردراوی خودایە)

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە هاوەڵانی ڕاگەیاند کە سبەی مسوڵمانان سەردەکەون بەسەر جولەکەکانی خەیبەر کە لە نزیك مەدینە دەژین، ئەمیش لەسەر دەستی پیاوێك کە ئاڵاکەی پێدەدات، ئاڵایەکە سوپا وەکو دروشم بەکاریدەهێنێت، وئەم پیاوە لە سیفەتەکانی ئەوەیە خودا وپێغەمبەرەکەی خۆشدەوێت، وخودا وپێغەمبەرەکەیشی ئەویان خۆشدەوێت. عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە هەرگیز حەزی بە دەسەڵات نەکردووە ولەخەیاڵیدا نەبووە جگە لە ئەو ڕۆژە نەبێت؛ بەو هیوای ئەو کەسە بێت کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: خودا وپێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێت، وعومەر -ڕەزای خوای لێبێت- خۆی هێنایە پێشەوە بۆئەوەی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بیبینێت وبەو هیوای بانگی ئەو بکات، هەروەها وەکو بەپەرۆشیەك بۆ وەرگرتنی ئەو ئاڵایە. پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بانگی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبی کرد -ڕەزای خوای لێبێت- وئاڵاکەی پێدا، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمانی پێکرد بەوەی سوپاکە بجوڵێنێت، و لەپاش گەیشتن بە دوژمن سارد نەبێتەوە لە جەنگەکە بەهۆی پشوو وەرگرتن و وەستان وپەیمان بەستن هەتاوەکو خوای گەورە ڕزگارکردنی ئەو قەڵایانە بەرپا دەکات بە سەرکەوتن بەسەریاندا. عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- بەڕێکەوت، پاشان وەستا وئاوڕی نەدایەوە؛ بۆئەوەی سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەر نەکات -صلی الله علیه وسلم-، وعەلی -ڕەزای خوای لێبێت- بە دەنگێکی بەرز ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، لەسەر چی دژ بە خەڵکی بجەنگم؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: دژیان بجەنگە هەتاوەکو شاهێدی دەدەن بە: (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله) واتە: (شاهێدی دەدەم هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، وشاهێدی دەدەم موحەمەد پێغەمبەری خودایە)؛ ئەگەر لەمەدا وەڵامیان دایەوە، وهاتنە نێو ئیسلامەوە ئەوا ماڵ وسامانیان لەسەرت حەرامە، مەگەر بە مافی خۆیان نەبێت وەکو ئەوەی تاوانێك بکەن کە شایستەی کوشتن بێت بەپێی حوکمەکانی ئیسلام، ولێپرسینەوەیان لەلای خوای گەورەیە.